# راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی کومەلە
# بە بۆنەی کۆتایی هاتنی شانۆگەری هەلبژاردنی سەرۆك کۆمار لە ئیران

هەلبژاردنی سەرۆك کۆماری لە ئیران کۆتایی پێ هات و بە شیوەیەکی تا رادەیەکی زۆر چاوەروان نەکراو، دار و دەستەی ویلایەتی فەقیە ئەندامێکی سوپای پاسداران و حیزب اللەیەکی دەمارگرژیان لە سەندوقەکانی دەنگ دان هێنایە دەرێ. بەم جۆرە رژیمی ئیسلامی بە هۆی نەبوونی هیچ ئاسویەکی سیاسی و ئابوری بۆ چارەسەر کردنی قەیرانەکانی قولی کۆمەلایەتی کۆمەلگای ئیران و بە هۆی پەرەگرتنی کێشمەکێشەکانی ناوخۆیی، ناچاربوو رەفسەنجانی، یانی یەکێك لە مۆرە سەرەکییەکانی خۆی، بە کردەوە بسوتێنێ. بەلام بێ گومان ئەم روداوە نەك هەر حکومەتی ئیسلامی لە قەیرانێك کە تێدا گرفتارە رزگار ناکات بەلکو سەرجەم کێشەکانی لێ قولتر دەکاتەوە.

هەلبژاردنی ئەحمەدی نژاد نە رەوتی حەرەکەتی تا ئیستای رژیم لە روی ناوەروکی واقیێعی سیاسەتەکانییەوە دەگۆری و نە دەتۆانێ بەری رەوتی خەباتی سەنگەر بە سەنگەر و رو لە گەشەی کۆمەلاتی خەلکی ئیرانیش بۆ رزگاری لە چەنگ رژیمی ئیسلامی بگرێت.
سیاسەتی رژیم هەر لە سەر ئەو بناغەیە دادەرێژرێ کە تا ئیستا لە لایەن سەرجەمی رژیمەوە دیاری کراوە و لە پێناوی پاراستنی حکومەتی ئیسلامی و وەلام دانەوە بە پیویستیەکانی نیزامی سەرمایەداری لە ئیران دا بە کردەوە دەر هاتووە. خەباتی خەلکی ئیرانیش رەوتێکە غەیرە قابیلی هەلگرانەوەیە کە رێگای خۆی بەرەو سەرکەوتن دەپێوێ.

لە کوردستان کۆماری ئیسلامی بۆ جارێکی تر نەفرەتی خەلکی کوردی تەجروبە کرد. کۆمەلانی خەلکی کوردستان نە لە دەوری ئەوەل و نە دەوری دوهەمی ئەم شانۆگەرییە دا کە ناوی هەلبژاردنیان لە سەر دانابوو، بەشداریان نەکرد. تەحریمی یەك دەنگ و یەك پارچەی ئەم هەلبژاردنە شانازییەکی گەورە بوو کە کومەلانی خەلکی کوردستان بۆ جارێکی تر لە خەباتیان دا دژی رژیمی ئیسلامی بە ناوی خۆیانەوە تۆماریان کرد و بە هەموو جیهانیان نیشان دا.
بێ گۆمان ئەم حەرەکەتە سەرکەوتووانە جەماوەرییە زەمینەیەکی لەبارتر بۆ گەشە کردنی خەباتی ئەم خەلکە ئازادی خواز و تێکوشەرە پێك دێنێت و ئەزمونێکی بە نرخی تر دەخاتە سەر ئەزمونەکانی پر بایەخی خەباتی شورشگێرانە لە کوردستان.

ئێمە بەم بۆنەوە دەست خۆشی لە خەلکی کوردستان دەکەین کە ئاوا لێبراوانە و یەکگرتووانە بە دەم بانگەوازی تەحریمی گالتەجاری هەلبژاردنەوە هاتن و نیشانیان دا کە ئەو رژیمە ناتۆانێت بە چاو بەستن و بە شانۆگەری بە ناوی خەلکی کوردستانەوە هیچ شەرعییەتێك بۆ خۆی بە دەست بێنێت.


کومیتەی ناوەندی کۆمەلە

(رێکخراوی کۆردستانی حیزبی کۆمونیستی ئیران)


4ی پوشپەری 1384ی هەتاوی

2005/6/25زاینی